هێزێک لەهەولێر سیپان ئامێدی رفاندوە و بەرەو شوێنێکی نادیاریان بردوە

فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمڕۆ لەو پارێزگای دهۆک هێزێکی پارتی سیپان ئامێدی، پەرلەمانتاری بزوتنەوەکەیان "رفاندوە و بەرەو شوێنێکی نادیاریان بردوە".

فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "ئەمڕۆ لە پارێزگای دهۆک هێزێکی پارتی سیپان ئامێدی، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی نەوەی نوێیان رفاندوە و بەرەو شوێنێکی نادیاریان بردوە، ئەو کارە چەتەگەرییەی پارتی پاش قسەکانی ئەو پەرلەمانتارە دێت لەسەر مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی کە پرسیار دەکات ئایا ژیانی ئەو و پێشمەرگەیەک وەک یەکە؟".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەو ڕەفتارەی پارتی کارێکی مافیاگەرییە کە پەرلەمانتار برفێندرێت، هەروەها مەسعود بارزانی نەک شایەنی ئەو ڕەخنانەیە کە (سیپان ئامێدی) لێی گرتوە، بەڵکو ئەوەتای هێزی خۆی و بنەماڵەکەی مایەی نەگبەتی میللەتی کورد و نەهامەتییەکانی خەڵکن و گەلی کورد و خەڵکی کوردستانیان بەم ڕۆژە گەیاندوە".